**NEWS RELEASE**

UNITED NATIONS HUMAN RIGHTS SPECIAL PROCEDURES
SPECIAL RAPPORTEURS, INDEPENDENT EXPERTS & WORKING GROUPS

## عێراق: دادپەروەری و ئاشتبونەوە کلیلی کۆتایی هێنانی دوور مەودان بە ئاوارابوونی ناوخۆیی ، بە گوێرەی وتەی شارەزایەکی نەتەوە یەکگرتووەکان

**جنێڤ ٩ی تەموزی ٢٠٢٠ :-** شارەزایەکی نەتەوە یەکگرتوەکان هانی عیراق دەدات بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ هاوکاریکردن و پاراستنی ئاوارە ناوخۆییەکان و پالپشتی کردنیان بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی دوورخایەن، لەگەڵ بایەخدانی تایبەتیش بە توێژە هەرە لاوازەکان.

دوێنێ لەکاتی پێشکەشکردنی راپۆرتەکەیدا لەبەر رۆشنایی سەردانەکەیدا بۆ عیراق لە ١٥-٢٣ی شوباتی ٢٠٢٠دا، خاتو سیلیسا داماری، راپۆرتەری تایبەتی مافەکانی مرۆڤ بۆ کاروباری ئاوارە ناوخۆییەکان لە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان وتی" من دەستخۆشی لە حکومەتی عیراق دەکەم بۆ ئەو رێکارانەی کە بۆ چارەسەرکردنی ئاوارەی ناوخۆیی گرتوویەتە بەر کە بگرە بۆ هاندانی پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەکانیش گرینگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە."

لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٤ و ٢٠١٧دا، نزیکەی ٦ ملیۆن کەس لە عیراق بەهۆی شەڕی داعش (دەوەڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام)ەوە، کە خۆسەپێنانە دەوەڵەتێکی بەناوی ئیسلامییەوە بۆ خۆی راگەیاندبوو، تووشی ئاوارەیی بوون. لەوساشەوە، نزیکەی ٤،٦ ملیون ئاوارە گەڕاونەتنەوە سەر زێدی خۆیان.

هەروەها ووتی " راپۆرتەکان باس لە گێرانەوەی زۆرەملێیانە دەکەن بەتایبەتیش لە چوارچێوەی پرۆسەی داخستنی چادرگەکان و تێکەڵ کردنیان. بۆیە داوا لە حکومەت دەکەم کە پرۆسەی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە و بێکێشە و شکۆمەندانە مسۆگەر بکات."

راپۆرتەری تایبەت نیگەرانی خۆشیی دەربڕی لە بارەی پێداویستیە مرۆییەکان بۆ 1،4 ملیون کەس کە هێشتا ئاوارەن لە ناو عیراق و ئەو ئاستەنگانەش کە رووبەڕوی رێکخراوە مرۆییەکان دەبنەوە بۆ گەیشتن پێیان.

لەگەڵ سەرهەڵدانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید ١٩)دا، پێداویستیە مرۆییەکانیان زیادیان کردوەو وە رێکخراوە مرۆییەکان دوچاری ئاستەنگی زیاتر بوونەتەوە لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکان. هەروەها گوتی " ئاوارە ناوخۆییەکان دووچاری چەندین ئالنگاری دەبنەوە کە رێگرن بۆ دەست گەیشتنیان بە دوکیۆمێنتە مەدەنیەکان و نوێ کردنەوەیان لە دەرەوەی شوێنەکانی خۆیان کە هەبوونیان هۆکاری بنەڕەتین بۆ پیادەکردنی کۆمەڵێکی فراوان لە مافەکانی مرۆڤ."

ئەو هەروەها نیگەرانی خۆشی دەربڕی سەبارەت بەو راپۆرتانەی کە باس لە توندوتیژی سێکسی و جێندەری دەکەن لە دژی ئاوارە ناوخۆییەکان، کە زۆربەیان لە کچان و ژنانن.

راپۆرتەکەی هەروەها تیشک دەخاتە سەر بارودۆخی کەمایەتییە رەگەزی و ئایینیەکان لە عیراقدا کە هەندێکیان بەهۆی کارە دڕندەکانی داعش و چەندان ساڵ ئاوارەییەوە روبەڕووی ئاستێکی زۆر مەترسیدار بوونەتەوە.

ئەو زیاتر وتی " من نیگەرانم لەو جیاکاری و مامەڵە خراپەی کە روبەڕوی ئاوارەکان دەبنەوە، بەتایبەتیش ژنان و منداڵان، کە وا وێنا دەکرێن کە گوایە پەیوندییان بە رێکخراوی داعشەوە هەبێت."

ئەو خاتوونە ووتی " یەکێک لە ئاسەوارە هەرە ناخهەژێنەکانی شەڕی داعش کە من لەسەردانەکەمدا بینیم بارودۆخی منداڵە ئاوارەکان بوو کە بەهۆی توندوتیژیی و بێبەشبوونیان لە خوێندن و درفەتەکانی ژیانەوە تووشیی کارەسات بوون."

ئەو خاتوونە هەروەها ووتی " هێشتنەوە و خایاندنی دۆخی ئاوارەیی بە چارەسەرنەکراوی و دووروودرێژی ئاڵنگاری راستەقینەی عیراقە. بۆیە من داوا دەکەم کە ڕێکارەکانی یەکرێزیی کۆمەڵایەتی و ئاشتبوونەوە و دادپەروەری و قەرەبوکردنەوە لە عیراقدا بەهێز بکرێن و لەگەڵ مسۆگەرکردنی بەشداریی درێژخایەنانەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان بۆخۆیان."

کۆتایی

خاتوو سلیا جیمینیز داماری پارێزەری مافەکانی مرۆڤە و تایبەمەتمەندە لە بواری ئاوارەبوون و کۆچی زۆرەملێ ، زیاتر لە ٣٠ساڵ ئەزموونی هەیە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی داکۆکیکەر لە مافەکانی مرۆڤ. وەک ڕاپۆرتەری تایبەتی مافەکانی مرۆڤ بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ ( [Special Rapporteur on the human rights of internally displaced persons](#) ) دیاری کرا لە لایەن ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤەوە لە ئەیلولی ٢٠١٦دا. وەک ڕابۆرتەری تایبەت ئەو بەشێکە لە ڕێکارە تایبەتەکانی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ.

ڕاپۆرتەرە تایبەتەکان، گەورەترین بەشی شارەزا سەربەخۆکانن لە سیستەمی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەوە ناوێکی گشتیە بۆ میکانیزمی سەربەخۆی لێکۆڵینەوە لە ڕاستیەکان و چاودێری کردن کە مامەڵە یان لەگەڵ وڵاتێک بە دیاری کراوی ئەو پرسەکانی تر لە هەموو ووڵاتانی جیهان دەکەن. ڕێکارە تایبەتەکان، شارەزان و بە شێوەیەکی خۆبەخشانە کارەکان دەکەن ئەوانە کارمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان و مووچەش وەرناگرن بۆ ئەو کارەی کە دەیکەن. ئەوانە سەربەخۆن لە هەر حکومەتێک یان ڕێکخراوێکدا تەنها بە سیفەتی شەخسی خۆیان کاردەکەن .
تەواوی ڕاپۆرتەکە **لێرەوە ببینە** [here](#) :
مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان، لاپەرەی ووڵات: عیراق [Iraq](#)

بۆ زانیاری زیاتر و **داواکاری میدیایی:** تکایە پەیوەندی بە : ناتالیا فیررارا دی کاسترو بکە لە ڕێگای (nferreiradecastro@ohchr.org) یان بنووسە بۆ . ( idp@ohchr.org )

بۆ پرسیار و زانیاری میدیایی لەبارەی شارەزا سەربەخۆکانی تری نەتەوە یەکگرتوەکان، تکایە پەیوەندی بکە بە ریناتو دی سۆزا ( rrosariodesouza@ohchr.org / +41 22 928 9855) ) یان جۆن نیولاند (mediaconsultant2@ohchr.org).